دکتورسا لح ئیبراهیمی



**سوورەی سوژدە لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣٠ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دلّاوێن.

ئەلف، لام، میم ﴿١﴾ ئەم کتێبە (قورئان) لە ڕاهێنەری جیهانیانەوە هاتۆتە خوارێ و بێ‌گومانە ﴿٢﴾ یا دەڵێن: خۆی (محەمەد) بە دەم خواوە (بە درۆ) هەڵیبەستووە (بەڵام ئەبێ بزانن) ئەوە (قورئان) ڕاست و بەر هەقە و لە لایەن پەروەرێنەرتەوەیە تا خەڵکێ کە بەر لە تۆ ترسێنەرێکیان بۆ نەهاتووە بیانترسێنی، بەڵکوو ئامۆژگاری و پەند بگرن و ڕێنوێن بن ﴿٣﴾ خوا زاتێکە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەو دووانەدایە لە شەش ڕۆژ (دەوران)دا بەدیهێناوە، لە پاشان لەسەر (تەخت) عەرشی دەسەڵاتداری ڕاوەستا، بێجگە لەو پشتیوان و تکاکارێکتان بۆ نییە، ئایا بیر ناکەنەوە و پەند ناگرن؟ ﴿٤﴾ لە ئاسمانەوە تا زەوی سامان بەکار ئەدا، لە پاشان لە ڕۆژێک (ڕۆژی قیامەت)دا کە ئەندازەکەی بەو جۆرەی ئێوە ژماردووتانە هەزار ساڵە بۆ لای ئەو دەڕواتە سەرێ هەڵدەگەڕێ و دنیا دوایی دێ) ﴿٥﴾ هەر ئەوە کە زانا بە نادیار و بە دیار و ئاشکرایە، بەدەسەڵات و دلّاوایە ﴿٦﴾ خوا زاتێکە هەموو شتی بەوپەڕی خوشیکی و ڕیکوپێکی دروس کرد و مرۆیشی لە سەرەتادا لە هەر ڕەگەز و بنچینەیێ کە شتی لێ پێکبێ لە ماکی قوڕ بەدیهێنا ﴿٧﴾ لە پاشان نەتەوە و بەرەی ئەمی لە پاڵاوتەی چۆرە ئاوێکی کەم بایەخ بەدیهێنا ﴿٨﴾ لە پاشان بەژن و باڵای ڕاست و ڕێکوپێک کرد و لە ڕۆحی خۆی فووی تێکرد و بۆ ئێوە گوێ و چاو و دڵی دانا، بەڵام زۆر کەم شوکرانەی خوا دەکەن ﴿٩﴾ ئەوانە وتیان: ئایا کاتێ کە مردین و لە ناخی زەویدا گوم بووین، ئایا بەدیهێنانێکی تازەمان دەبێ و دەژیینەوە؟! بەڵێ ئەوانە دیداری پەروەرێنەری خۆیان حاشا و ئینکار دەکەن ﴿١٠﴾ بڵێ: پێمێرد و مەلکەمووتی گیانکێشان (ئیزرائیل) کە بۆ ئێوە ڕاسپێردراوە (گیان)تان دەکێشێ، لە پاشان بۆ لای پەروەرێنەرتان دەگەڕێندرێنەوە ﴿١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

هەروەختــی تاوانبــاران لە پێشــگای پەروەرێنەریــان بە سەرشــۆڕی ببینــی (دەڵــێن:) ئەی پەروەرێنەری ئێمە، ئەوەی بەڵێنت دابوو، دیمان و بیستمان، جا بمانگێڕەوە (دنیا) تا کردەوەی چــاک ئەنجــام بــدەین، ئــێمە (بە ڕۆژی بەرێ) بــڕوادارین! ﴿١٢﴾ ئەگەر بمانویســتبا (بەزۆر) ڕێنوێنی پێویستمان بە هەر مرۆڤێک ئەدا، بەڵام بەڵێنی من (بەرهەقــە) کە لە جنیــان و مــرۆ (ی بێبڕوا و تاوانبار) دۆژەهـ پــڕ و تەژی دەکەم، هەر جـمەی بــێ ﴿١٣﴾ جا بچێــژن (عەزابــی دۆژەهـ) لەبەر ئەوەی دیداری ئەمڕۆژەتان لە بیــر خــۆ بردبــووە، ئــێمەیش ئێوەمــان لە بیــر خــۆ بــردەوە و عەزابــی بەردەوام بچێــژن (بە ســزای) ئەوەی ئەنجامتــان ئەدا ﴿١٤﴾ کەســانێ بە نیشانەکانی ئێمە بڕوا دێنن کە هەردەمــێ ئەم نیشــانانەیان بخــرێتەوە بیــر دەکەونە کڕنــۆش و سوژدە بردن و بە سپاسەوە پەسنی پاکی پەروەرێنەریــان دەکەن و خۆیــان بە زل دانــانێن ﴿١٥﴾ بڕگ خاڵیگە و کەلەکەیان لە پێخەفەکانیان بێزار و جــارز دەبــێ و بەری ئەدەن (و دەردەپەڕن و ڕوو دەکەنە درگای خوا و شەونوێژ دەکەن (بە تــرس و ئومێــد هــاوار لە پەروەرێنەریــان دەکەن، لەوەی کە کردوومانەتە ڕسق و ڕۆزییان ئەبەخشن ﴿١٦﴾ کەس نازانێ لە بارتەقای ئەو کارانەی کردوویانە چ پاداشێکی چاوڕوونکەرەوەیــان بــۆ تــاقەت کــراوە ﴿١٧﴾ چلــۆن کەســێ کە بــڕوای بووبێ هەروەکوو کەسێکە کە خراپ و فاسق بــووبێ؟ نــا ئەم دووانە بەرانــبەر نــین ﴿١٨﴾ بەڵام کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە بە پاداشی کارێ کە کردوویانە شوێنێکیان: ناوەڕاست و دوڕ لە بــاغی بەهەشــت بــۆ هەیە ﴿١٩﴾ بەڵام کەســانێ کە فاســق و خــراپ بــوون، جێیان بڵێسەی ئاگرە هەر دەمێ بیانەوێ لەوە بچــنەدەرێ، جــارێکی دیــکە دەیــانگێڕنەوە نێــو ئاگر و پێیان دەڵێن: عەزابی ئەو ئاگرە بچێژن کە بە درۆتان دەزانی ﴿٢٠﴾

بێ‌گومان ئێمە بێجگە لە ئازارە هەرەگەورەکە، ئازاری ئەم دنیاشیان پێ‌دەچێژین، بەڵکوو بگەڕێنەوە ﴿٢١﴾ کێ ستەمکارترە لەو کەسەیە کە نیشانەکانی پەروەرێنەری خۆی وەبیر بێنێتەوە، لە پاشان بە فیزەوە پشت بکاتەوە و مل بسووڕێنی و وازیان لێ بهێنێ؟ ئێمە تۆڵە لە تاوانباران دەستێنینەوە ﴿٢٢﴾ ئێمە کتێبی ئاسمانیمان بە مووسا دا، جا شکت نەبێ کە مووسا ئەوی (تەوراتی) پێ گەیشت، ئێمە ئەوەمان کردە هۆی ڕێنوێنی بەرەی ئیسرائیل ﴿٢٣﴾ لە نێو ئەواندا پێشەواگەلێکمان دانا کە بە فەرمانی ئێمە (خەڵکیان) ڕێنوێنی دەکرد، چون خۆیان ڕاگرت و تابشتیان هێنا و یەقینیان بە نیشانەکانی ئێمە هەبوو ﴿٢٤﴾ پەروەرێنەرت لە ڕۆژی پەسڵاندا لەوەی کە جیاوازییان تێدا ئەکرد، داوەرییان لە نێودا دەکا (هەرکەس بە سزا و جەزای خۆی دەگا) ﴿٢٥﴾ ئایا ئەو هەموو خەڵکە بەر لەمە لە ماڵی خۆیاندا دەهاتن و دەچوون و لە نێومان بردن، نەبووە هۆی ڕێنوێنییان؟ لەمەدا نیشانە و پەندگەلێ هەیە، جا ئایا نابیسن؟ ﴿٢٦﴾ ئایا نابینن کە بۆ زەوی قاقڕ و کراڵ کە گیای لێ سەوز و شین نابێ؛ ویشک و بێ‌گیا؛ ئاو دەنێرین، جا بە هۆی ئەو ئاوە هەرچی لە زەوی دەڕوێ و شین دەبێ و ڕوەکی وای لە کشتوکاڵ و گژوگیا پێ‌شین دەکەین و پێی دەڕوێنین کە هەم ئاژەڵ (بزن و مەڕ و گا و وشتر) لێی بلەوەڕێن و هەم خۆیشیان لێی بخۆن، جا ئایا نابینن ﴿٢٧﴾ ئەوانە وتیان: ئەگەر ڕاستبێژن ئەم سەرکەوتەی ئێوە کەی دەبێ ﴿٢٨﴾ بڵێ: لە ڕۆژی سەرکەوتندا بڕوا هێنانی خوانەناسان بۆیان سوود نادا و موڵەتیشیان پێ‌نادرێ ﴿٢٩﴾ جا خۆیان لێ‌لادە و چاوەنواڕی سەرکەوتن و یارمەتی خوا بە، ئەوانیش چاوەنواڕن ﴿٣٠﴾

## سوورەی ئەحزاب ٧٣ ئایەتە